# بەرنامەی سیاسیی و پێڕەوی نێوخۆی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ کۆنگرەی پێنج

---

## بەرنامەی سیاسیی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان

بسم اللـه الرحمن الرحيم

## بەشی یەکەم

### پێشەکیی

#### کورد و کوردستان

کورد یەکێك لە نەتەوەکانی ناوچەی (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست)ە کە هەزاران ساڵە لە زێدی خۆی، واتە (کوردستان)، دەژی و، دەوری دیاری لە دارشتنی بناغەکانی شارستانیەتی ناوچەکە هەبووە. بە هاتنی ئیسلام و موسڵمانبوونی ئەو نەتەوەیە، کورد چەندین قۆناغ چووە پێش و لە دەوڵەمەندکردنی شارستانییەتدا بەشداریی بەرچاوی کرد و هەزاران زانا و سەرکردە و فەیلەسووف و ڕاڤەکار و مێژوونوسی پێشکەش بە هزر و ئایین و ڕووناکبیریی و مرۆڤایەتیی کرد.
کوردستان لەنێو جەرگەی ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژیی دنیا هەڵکەوتووە، بۆیە لە دێرزەمانەوە بۆتە مەیدانی تێکگیران و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی هێز و هۆزەکان و شەرگەی دەستە و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان. ئەو شەڕ و دەگژیەکراچوونانەش کەم و زۆر ئاسەواری خەراپ و نەخوازراویان لەسەر وەزعی سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی و ژینگەی کوردستان و ژیانی خەڵکەکەی جێهێشتووە.
دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی و ڕووخانی " ئیمپراتۆریی عوسمانیی" جوغرافیا و دەسەڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەپێی مەیل و بەرنامەی زلهێزە ڕۆژاواییەکان، کە سەرکەوتووی شەڕەکە بوون، سەرلەنوێ دارێژرایەوە. لەو پلان و پیلانە دا چەندین دەوڵەت و دەسەڵاتی نوێ پێکهێنران، بەڵام کورد نەك هەر بەدقەولیی لەگەڵ کرا، بەڵکو وڵاتەکەی کرایە پێنج لەت و هەر لەتەشی بە زۆر خرایە بن دەستی نەتەوە و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بێگانەوە.
بەو شێوەیە ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی گەورەی خاوەن ڕابردوو و فەرهەنگ و زمان و دابونەریتی تایبەتیی بەشبەش کران و مافە ئینسانییەکانیان زەوتکرا. ئیدی بێحورمەتییکردن بەو نەتەوەیە، پێشێلکردنی مافەکانی، هەوڵدان بۆ تواندنەوەی زمان و فەرهەنگەکەی و ڕووخاندنی پایەکانی کۆمەڵگەکەی بوونە بەرنامە و کاری سەرەکیی داگیرکەرانی زاڵ. ئەوان هەموو هێزی خۆیان بۆ سەرکوتی کورد و ڕێگەگرتن لە گەشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کوردستان خستەکار و بە گەلەکۆمەگیی هەوڵیان دەدا خەباتی ڕۆڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاریی کپ بکەن. بەڵام کوردیش قەت لە ئاست ئەو زوڵم و زێف و ستەمانە دا بێدەنگ نەبووە، بەڵکو بە درێژایی سەدەی بیست و تا ئەمڕۆش بەردەوام بۆ سەربەخۆیی و وەدەستهێنانی ئازادیی و گێڕانەوەی حورمەتی ئینسانیی شێلگیرانە تێکۆشاوە و بە گیان و ماڵ قوربانیی داوە.

#### ئێران

ئەو ناوچە جوغرافیایەی ئێستا پێی دەڵێن (ئێران)، جگە لە نەتەوەی باڵادەست، چەندین نەتەوەی دیکەی وەك کورد، تورک (ئازەریی)، تورکمەن، بەلووچ، عەڕەب و... لەخۆگرتوون، کە لەلایەن دەسەڵاتی نەتەوەی زاڵەوە بەردەوام کار بۆ لەنێوبردنی فەرهەنگ و زمان و دابونەریتیان کراوە و سووکایەتیی بە باوەڕیان کراوە و سەرەتاییترین مافەکانیان پێشێل کراون.

کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵات لە دامەزراندنی دەوڵەتی مەزهەبیی سەفەوییەکان لە سەرەتای سەدەی شازدەی زایینییەوە تا دەسەڵاتی بنەماڵەی (پەهلەویی) و ئەوجار ڕژیمی ویلایەتی فەقیە بەردەوام هەموو جۆرە ستەمێک و لەوانەش ستەمی نەتەوایەتیی لەسەر بووە. سەرەڕای ئەوەش کەوتۆتە ژێر باری گرانی ستەمی مەزهەبیی و بە درێژایی ئەو ماوەیە بە دەست ئەو ئازارە چەند لایەنانەوە ناڵاندوویەتی. ئەو ستەمە چەند قاتە لە شێوەی جۆراوجۆری وەک تاڵانوبرۆ و سووتاندن، بێبەشکردن، گرتن و ئازاردان و کوشتنی خەڵکی ئاسایی و زانا و مامۆستایانی سوننی، داخستنی مزگەوت و ناوەندەکانی زانست، قەدەغەکردنی زمان و جلوبەرگ و نەریتی نەتەوایەتیی و کتێب و بڵاوکراوەکان، سووکایەتییکردن بە سۆزی نەتەوەیی و باوەڕ و هەستی موسڵمانانی سوننی و .. خۆی نیشانداوە.

ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویی سەریهەڵدا و ڕژیمی شایەتیی ڕووخا. خەڵکی کوردستان زۆر لێبڕاوانە لە دەستپێکردن و سەرخستنی ئەو ڕاپەڕینە بەشکۆیەدا بەشداریی هەمەلایەنەی کرد و قوربانیی گەورە و بەنرخی پێشکەش کرد. ئەم بەشدارییە بەرینەی کورد بەو هیوا و مەبەستە بوو کە دوای ڕژیمی شا دەسەڵاتێکی خەڵکیی و دادپەروەر دامەزرێ و لە سایەیدا ئازادیی و عەدالەت وەدەستبێنێ و ستەمی چەند قاتی لەسەر لاچێ و بە مافە ڕەواکانی بگا، بەڵام وەک دیترا، ئەو ئاواتە نەهاتەدی. ئەوەبوو خومەینی و داروەدەستەکەی بە درۆ و چاوبەست و فێڵوفووت دەستیان بەسەر دەستکەوتەکانی شۆڕشدا گرت و نەک هەر ئازادییان نەدا، بگرە بوونە گەورەترین بەربەستی سەر ڕێی ئازادیی و مافی گەلان و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامیی ڕاستەقینە.

ڕژیمی خومەینیی بە ناوی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" و لەژێر پەردەی ئیسلامدا کەوتە وێزەی ئازادییخوازانی ئێران و کوردستان و، دەستیکرد بە گرتن و کوشتن و بێسەروشوێنکردنی هەموو تاك و دەستە و کۆمەڵێکی ناڕازیی. ئەو ڕژیمە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ناڕەوای خۆی پەنای بۆ هەموو سیاسەتێکی نائینسانیی و کردەوەیەکی نائیسلامیی برد و، بێگوێدانە پەیامی دینە ئاسمانییەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەزگای تاوانی وەگەڕخست. لە سایەی دەسەڵاتی ڕژیمی ویلایەتی فەقیهدا گەلی کوردستان زۆرترین ستەمی لێکرا و بەشی زۆری سووکایەتیی و دەرد و ڕەنج و ئازارەکانی بەرکەوت. کوردستان کەوتە بەر هێرشی هێزە ئاسمانیی و زەوینییەکانی ئەو ڕژیمە و کرایە مەیدانی شەڕێکی خوێناویی کە تێیدا هەزاران گەورە و گچکەی کورد بوونە قوربانیی و ژمارەیەکی زۆرتریش ئاوارە و پەڕیوە بوون و، ئاو و بەژ و ئاسمانی وڵاتیش بوونە سووتەمەنی ئەو شەڕە مەزنییخوازانەیە. ئەوە بوو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانە و ستاندنەوەی مافە زەوتکراوەکان، گەلی کوردستان شۆڕشێکی بەرینی وەڕێخست.

**ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان**

لە کەش و هەوای دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ١٣٥٧ دا بارودۆخ بۆ دامەزراندنی ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی لە کوردستان پێکهات. لەو سەروبەندەدا کۆمەڵێک زانا و ڕووناکبیری خاوەن ڕابردوو لە خەبات و تێکۆشان دا لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و نەخشەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسییان دارشت. ئەوان بە لەربەرچاوگرتنی باوەڕی دینیی کورد و شوێن و پێگەی ئەو نەتەوەیە لە مێژوو و ناوچەکەدا و، هەروەها بە خوێندنەوەیەکی وردی واقیعی کوردستان و ئێران، بەو ئەنجامە گەیشتن کە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی و جێگیرکردنی دادپەروەریی و ستاندنەوەی مافەکان، ڕێکخراوێکی سیاسیی، کە ئیسلام بکاتە بناغەی خەبات و تێکۆشان، لە کوردستان دابمەزرێنن. ئەو زەروورەتە کاتێک زەقتر خۆی نواند کە ڕژیمی داگیرکەری خومەینیی هێرشی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان و، لەژێر ناوی ئیسلامدا کەوتە سەرکوتی خەڵك و زۆر بێڕەحمانە ئاشی تاڵان و تاوان و تۆقاندنی وەگەڕخست.

ئەوە بوو پاش زیاتر لە ساڵێک خەباتی هەمەلایەنە، ئەو تێکۆشەرانە لە ٥ی خەرمانانی ١٣٥٩ دا بە ڕەسمیی دامەزراندنی ڕێکخراوی خەبات،ی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستانی ئێرانیان ڕاگەیاند.

ڕێکخراوەکەمان، ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستان، هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە زۆر بەرپرسانە ڕاپەڕاندنی ئەرکە گرنگەکانی خەباتی گرتە ئەستۆ. زۆری نەبرد (خەبات) لە تێکۆشانی سیاسیی و پێشمەرگەیی و ڕاگەیاندن و پێگەیاندن دا توانا و لێهاتووییەکانی نیشاندا و، وەك هێزێکی دڵسۆز و جێی باوەڕ و متمانەی خەڵکی کوردستان و سەنگین لەلای لایەنەکانی نێو بزووتنەوە ناسرا. سەرکردایەتیی و ئەندام و پێشمەرگەکانی (خەبات) لە زیاتر لە سێ دەیەی خەباتی بێوچاندا بە قوربانییدان و چاکیی و پاکیی و خۆڕاگری کەموێنە و پێشکەشکردنی گیانی سەدان خەباتگێڕی فیداکار نموونەیەکی جوانیان لە دڵسۆزیی و خەمخۆریی بەرپرسانە بۆ گەل و باوەڕەکەی نیشانداوە.

# بەشی دووەم

## فەسڵی یەکەم

### ئامانجە گشتییەکان

قورئان لە ئایەتی ١٣ی سوورەتی (حجرات)دا دەفەرموویٚ: "یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکر و أنثی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا، إن أکرمکم عند الله أتقاکم، إن الله علیم خبیر"

واتە: ئەی خەڵکینە! ئێمە دروستمان کردوون لە نێر و مێیەک و کردوومانن بە چەند گەل و تایەفە تا حەقی یەکتر بناسن (دان بە بوون و کەسایەتیی و مافەکانی یەکتر دابنێن). بە ڕاستیی بەڕێزترینی ئێوە بە لای خوداوە پارێزگارترینی ئێوەیە. بەڕاستیی خودا ئاگادارە بە کردەوە و، زانایە بە زاهیر و باتینتان"

لە سەر بنەمای ئەو ڕاستییە و بە گوێرەی تێگەیشتنمان لەو ئایەتە و بۆ پەیڕەویی لە ڕێنوێنیی پەروەردگار و وەجێهێنانی ئەرکی مافویستیی و مافناسیی و باوەڕ بەوە کە هەموو مرۆڤەکان ئافرێنراوی خودا و خاوەن مافی یەکسان و ئینسانیی خۆیانن، بە ئەرکی پێویستی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە لە ڕەوت و ڕێکخراوێکدا بەم شێوەیە بۆ ئامانجەکانمان تێبکۆشین.

١- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بە هەموو توانایەوە بۆ لابردنی گشت جۆرە ستەمێك، بە تایبەتیی ستەمی نەتەوایەتیی و ستەمی مەزهەبیی، لەسەر گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکا.

٢- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ دابینکردنی بارودۆخێك تێدەکۆشیٚ کە تێیدا خەڵکی کوردستان ئازادانە و دوور لە هەر جۆرە ترسێك بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆی بدا. هەر بۆیە دروشمی ڕێکخراوەکەمان بریتیە لە (دابینکردنی مافی بڕیاردان بۆ گەلی کوردستان لەسەر چارەنووسی خۆی).

٣- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ ڕاگەیاندن و پەرەپێدان بە ئیسلام و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دینیی و زیندووکردنەوە و گەشەپێدانی بیر و وتار و ڕەفتار و ڕەوشتە بەرزە ئیسلامییەکان لە نێو تاک و کۆی کۆمەڵ دا هەوڵدەدا.

٤- ئیسلام گەورەترین دینی ئاسمانیی و، بەرنامەی ژیان و ڕێنوێنی ڕاستەقینەی ئینسانە. هاوکات ئیسلام دینی خەڵکی کوردستانە و، سەرچاوەی بەرچاوی فەرهەنگی نەتەوایەتیی نەتەوەی کوردە و، چین و توێژەکانی کوردەواریی زۆر بە توندیی و مەحکەمیی پێکەوە شەتەکداوە. لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییانە ڕێکخراوەکەمان باوەڕی وایە کە گشت کەس و هێز و دەسەڵاتەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە خەمی کورد و مافەکانی دان، دەبیٚ بایەخ بەو دینە بدەن و خزمەتی بکەن، یان لانیکەم ڕێزی لیٚ بگرن و دژایەتیی نەکەن.

٥- ڕێکخراوەکەمان کار بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوون و بیر و ئەخلاق و هەڵسوکەوتە چەوتانە دەکا کە بە هۆی لاوازیی فەرهەنگیی، بە تایبەتیی فەرهەنگی ئیسلامیی، لە کۆمەڵگەدا هەن. هەروەها پیلان و پلانی ئەو دەستە و دەسەڵات و تاک و کۆمەڵە چەواشەکەر و هەلپەرست و بەرژەوەندییخوازانە لەقاودەدا کە دەیانەویٚ ئیسلام لەکەدار بکەن یا فکر و بنەما و ئامرازەکانی بۆ قازانجی تایبەتیی خۆیان بەکاربێنن.

٦- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان، کە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشیٚ و باوەڕی قوڵی بە مافە نەتەوایەتییەکانی هەیە، دژی هەموو جۆرە خۆسەپێنیی و ڕەگەزپەرستیی و جیاوازییدانانێکی دینیی و نەتەوەییە و پشتیوانیی لە ژیانی سەربەستانە و سەربەرزانە و ئاشتییانەی نەتەوەکان دەکا.

٧- (خەبات) وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازیی هەموو کوردستان دەزانیٚ، هەر بۆیە پشتیوانیی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکا و، هەمان چاوەڕوانییشی لە کوردی بەشەکانی دیکە هەیە. ڕێکخراوەکەمان پێیوایە بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی خەباتی کورد و چارەسەرکردنی مەسەلەکەی لە بەشێکی کوردستان دەبێتە یارمەتییدەر و پشتیوانی ماددیی و مەعنەویی خەباتی بەشەکانی دیکە و، ڕێگای سەرکەوتنیان نزیک دەکاتەوە.

٨- ڕێکخراوەکەمان باوەڕی تەواوی بە مافی هەموو نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی دیکتاتۆری ئێران هەیە و، خۆی بە هاوخەباتیان دەزانیٚ و لایەنگریی لە داوا ڕەواکانیان دەکا. هەر بەو پێیە بۆ ستاندنەوەی مافەکانیان، بە گوێرەی توانا و گونجان، هاوفکریی و هاوکاریی و هاوخەباتییان دەکا......

٩- ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان باوەڕی قووڵی بە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان بە ڕێگەی ئاشتیی هەیە و پێیوایە هەموو مەسەلەکان، لەوانەش مەسەلەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بە وتوویژ و لێکتێگەیشتن و داننان بە مافەکانی یەکتر چارەسەر دەکرێن. بەڵام وەک دەزانین ڕژیمی داگیرکەری ئێران دەستدرێژیی کردۆتە سەر کوردستان و خەڵکەکەی و مافەکانیان و ئاگری شەڕی هەڵایساندووە و، خەباتی خەڵکی کوردستانیش، بەپێی ئیسلام و هەموو عورف و یاسا نێودەوڵەتییەکان، بەرپەرچدانەوەیەکی ڕەوای ئەو دەستدرێژییانەیە. (خەبات) باوەڕی وایە کە ئەرکی ئیسلامیی و ئینسانیی سەرشانی مرۆڤی کوردە بۆ پاراستنی ناسنامە و ماڵ و ژیانی خۆی و وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانی کەڵک لە هەموو ڕێگە شەرعییەکانی خەبات، بە خەباتی چەکدارییشەوە، وەربگرێ.

## فەسڵی دووەم

### ئامانجە فەرهەنگییەکان

١- بەهۆی ژێردەستەیی کورد و سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، ڕێژەی نەخوێندەواریی لە کۆمەڵگەی کوردستان لەسەرێیە. دەسەڵاتی کوردستان دەبێ بە دانانی نەخشە و بەرنامەی زانستیی و سوودوەرگرتن لە کەسانی شارەزا و لێهاتووی ئەو بوارە بە جیددیی کار بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە کوردستاندا بکا. یەکێک لەو بەرنامانە ئیجبارییکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و، دابینکردنی هەموو کەلوپەل و پێویستییەکانی خوێندنی خۆڕایی دەبێ.

٢- لە کوردستانی بندەستی ئێران خوێندن بە زمانی دایکیی تا ئەمڕۆش لە ڕۆڵەکانی کورد قەدەغە بووە. دەسەڵاتی کوردستان بایەخی تایبەتیی بە زمان و ئەدەبی کوردیی دەدا و بە دانانی پلانی تایبەت و داڕشتنی بەرنامە بۆ هەموو قۆناغ و بوارەکانی خوێندن و زانست، بە کەڵکوەرگرتن لە مامۆستا و شارەزایان، خزمەتی شایان بەو بوارە دەکا.

٣- زیندووکردنەوەی دەوری ناوەندە فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکان، کردنەوەی بنکەی پەروەردە و فێرکردن، ڕێنوێنییکردن و بارهێنانی مێرمندالان و لاوان و، یارمەتییدانی نووسەر و هونەرمەند و کارزان و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکانی زانست و داهێنان، لە ئەرکە گرنگەکانی دەسەڵاتی کوردستان دەبن.

٤- دەسەڵاتی کوردستان تێدەکۆشێ کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی شارەزا و چاوکراوە و بەرچاوڕوون بێ و، لە چاولێکەریی و خورافات و شتە هەڵبەستراوەکان دوور بێ. بۆ ئەو مەبەستەش پشتیوانیی یاسایی و ماددیی و مەعنەویی لە دامەزراندن و بەهێزکردنی زانستگە و مزگەوت و خوێندنگە و دامەزراوە ئیسلامییەکان دەکا، یارمەتیی زانایان و مامۆستایان و خوێندکارانی ئەو بوارە دەدا و، بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنەلۆژیی سەردەم و دەرکردنی کتێب و کردنەوەی بنکەی بارهێنان و، سوودوەرگرتن لە هۆیەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو، خزمەت دەکا.

٥- لە دەسەڵاتی کوردستان دا کردنەوە و خزمەتکردنی ناوەند و دامەزراوەکانی بوارە جیاوازەکانی ژیان، وەک ناوەندەکانی لەشساغیی و وەرزش و ڕاگەیاندن، وەك یەکێک لە ڕێگەکانی بەرەوپێشبردنی ئاستی فەرهەنگیی کۆمەڵ بایەخی پێدەدرێ.

## فەسڵی سێیەم

### ئامانجە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان

١- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی سەرچاوە سرووشتییەکان و کان سامانەوە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی بەردەوامی ڕژیمە داگیرکەرەکان تا ئێستاش ئابوورییەکی زۆر لاواز و دواکەوتوو و ناسەقامگیری هەیە. دەسەڵاتی کوردستان بە پلان و نەخشەی ئابووریی کورتماوە و درێژماوە، لە ڕێگەی بەسەنعەتییکردنی وڵات و دامەزراندنی کارگە و شوێنەکانی بەرهەمهێنان، ئاسانکاریی سەرمایەدانان و، ڕەخساندنی دەرفەتی کار بناغەی ئابوورییەکی تۆکمە و بەهێز دادەڕێژێ. ئاسانکاریی بۆ بازرگانیی نێوخۆیی و دەرەکیی، کردنەوەی جادە و ڕێگەوبان و دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوەی زەوینیی و ئاسمانیی لە ئەرکەکانی سەرشانی دەسەڵاتی کوردستان دەبێ.

٢- قورئان لە ئایەتی ١٠٥ی سوڕەتی (الأنبیاء)دا دەفەرمووێ: ( أن الأرض یرثها عبادي الصالحون) واتە: ئەم زەوییە هەر بۆ عەبدە ساڵح و چاکەکانی ئێمە دەمێنێ.

هەروەها لە ئایەتی ١٠ی سوورەتی (الرحمن)دا دەفەرمووێ: ( و الأرض وضعها للأنام). واتە: خودا زەوی، بە هەموو کان و سامانییەوە، بۆ تێکڕای خەڵک داناوە.
بەو پێیە ئاو و هەواو و سەرچاوە سروشتییەکان و سامانە ژێرزەوییەکان و لەوەڕگە و لێڕەوار و هەوارگەکانی وڵات موڵکی گشت خەڵکی کوردستانن. بۆیە دەبێ بۆ سوودی هەموو وڵات دەکاربێن و، هیچ چین و کەس و کۆمەڵێک لەژێر هیچ ناو و دەسەڵاتێکدا مافی دەستبەسەرداگرتن و پاوانکردن و سوودلێوەرگرتنیانی بۆ قازانجی تایبەتیی نییە. سوودوەرگرتن لەو موڵک و سەرچاوانە دەبێ بە قانوون ڕێکبخرێ.
٣- کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی دوو سەرمایەی گرنگ و بنەڕەتیی کوردستانن کە تا ئێستا سوودی تەواویان لێ وەرنەگیراوە. دەسەڵاتی کوردستان گرنگیی گەورە بە کشتوکاڵ و وەرزێریی دەدا، ئەویش بە وەگەڕخستنی پڕۆژەی تایبەتیی، بەکارهێنانی پسپۆڕ و شارەزایان، وەدەستخستنی کەلوپەل و ئامێری پێشکەوتووی بەرهەمهێنان، هاندانی جوتێر و وەرزێران و، پشتیوانییکردنی ماددیی و مەعنەویی لێیان. لە ڕووی ئاژەڵداریی و پەروەردەکردنی پەلەوەریشەوە شێوەی زانستیی پەروەردەکردن فێری ئاژەڵدارەکان دەکا و، سەرمایە و دەزگای جۆراوجۆر و داوودەرمان و ژینگەی لەبار و زانایانی ئەو بوارەیان بۆ دابین دەکا.
٤- ژینگەی کوردستان لەلایەک بە هۆی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتەکانەوە و، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی خەمساردیی خەڵک و لاوازیی فەرهەنگی ژینگەپارێزیی لە کۆمەڵ دا، زیانی گەورەی وێکەوتووە.
دەسەڵاتی کوردستان گرنگیی تەواو بە ژینگەی وڵات دەدا، بۆ خاوێنکردنەوە و خاوێنڕاگرتن و پارێزگارییکردنی تێدەکۆشێ، سەرچاوە سروشتییەکان و کانە ژێرزەوییەکان و کانی و ئاو و چۆم و گۆلاو و دارستان و لێڕەوار و باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵە کێوییەکان لە پیسبوون و فەوتان دەپارێزێ و گەشەیان پێدەکا. هەروەها لە ڕێگەی پەروەردەکردن و ڕاگەیاندنەوە و، بە دامەزراندن و پشتیوانییکردنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژینگە فەرهەنگی ژینگەپارێزیی و خۆشویستنی سروشت لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بەهێز دەکا و، هانیان دەدا ئاسمان و زەوی و ئاو و هەوا و ئەوانەی تێیاندایە بە نیعمەتی خودایی و سەرچاوەی خێر و خۆشیی بزانن و بیانپارێزن و بە شێوەی دروست لە قازانجی گشتیی بەکاریانبێنن و، ئەوەش وەک یەکێک لە ئەرک و عیبادەتەکانیان تەماشا بکەن.
٥- بە هەموو پێوەرەکان بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان هەژارن و لەژێر هێڵی هەژاریی دان. دەسەڵاتی کوردستان ئاوڕی جیددیی لەو چینەی کۆمەڵگە دەداتەوە و دەستیان دەگرێ و خزمەتی شایان و پێویستیان دەکا. بە تایبەتیی بە ئەرکی دینیی و ئینسانیی و قانوونیی خۆی دەزانێ یارمەتی کەمئەندامان و پیران و پەککەوتان و  بێکەسان و بێدەسەڵاتان بدا و، منداڵانی بێ پەنا و بێ سەرپەرست بەخێو و پەروەردە بکا.
٦- خێزان بەردی بناغەی کۆشکی کۆمەڵە. ئیسلام بە چاوی ڕێز و گرنگییپێدانەوە دەڕوانێتە خێزان و ڕۆڵ و ئەرکی پێکهێنەرەکانی، هەروەها پێوەندیی و هاوکاریی نێوان دایک و باب بەهێنددەگرێ و لە ڕێی ئەوانەوە کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو دروست دەکا. لەژێر ڕووناکیی پەیام و ڕێنوێنییە دینییەکان دەسەڵاتی کوردستان گرنگیی تەواو بە فەرهەنگی پەروەردەی خێزان و ڕۆڵی لە کۆمەڵ دا دەدا و، پلەو پایەی ڕاستەقینەی خۆی پێدەداتەوە و، هەوڵدەدا داب و نەریت و بۆچوونە چەوتەکانی ئەو بوارە ڕاست بکاتەوە.
٧- ژن و پیاو لە ئەرک و مافدا تەواوکەری یەکترن و، هەردووکیشیان پێکەوە لە پەروەردەکردنی کۆمەڵگەی بچووک، واتە خێزان، و لەوێشەوە کۆمەڵگەی گەورە دا دەور دەبینن. بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ دەبێ لەم ڕووەوە دەرس و ئەمر و نەهییە دینییەکان گرنگیی خۆیان پێبدرێ و، ڕێگە نەدرێ لەژێر ناوی دیندا سووکایەتیی بە خوشکان و دایکان بکرێ و ئازاریان بدرێ و حەقەکانیان بخورێن و ڕێگە لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بگیرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ ئەو دەور و ئەرکانەی ئیسلام و حەقیقەتی ژیان بۆ ژنانی داناوە لەبەرچاوبگیرێن. بۆ دامەزراندنی خێزانێکی سالم و سەرکەوتوو و بەرپرس، لەوێشەوە کۆمەڵێکی ساغ و سەلامەت و ئەرکوەخۆگر، هەریەك لە ژن و پیاو دەبێ بەپێی سروشت و هەست و جەستەیان لە هەڵگرتنی ئەرکەکانیان و وەرگرتنی مافەکانیاندا پشکدار بن.

## فەسڵی چوارەم

### چەند بنەڕەتێکی دەسەڵاتداریی

١- دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوور لە هەموو جۆرە ترس و هەڕەشە و تۆقاندنێک لە دەنگدانێکی ئازادانەدا بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان دەدەن و جۆری پەیوەندیی دەسەڵاتی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ئێران دیاریی دەکەن. ئەم بڕیارەی خەڵکی کوردستان هەر چی بێ دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ و هەموو لایەک ئەنجامەکەی قبوڵ بکەن.

٢- سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێرەی پێوەر و بەڵگە مێژوویی و جوگرافیاییەکان دیاری دەکرێ. ئەو شوێن و ناوچانەش کە ناکۆکییان لەسەر بێ، بەپێی ویستی زۆرینەی دانیشتووانی ئەو شوێن و ناوچانە لە ڕاپرسییەکی ئازاد دا یەکلادەکرێنەوە.

٣- ئەندامانی بەرزترین ئۆرگانی دەسەڵاتی کوردستان لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، بە واتایەکی دیکە خەڵکی کوردستان بۆ خۆیان جۆری دەسەڵات و دەسەڵاتداران دیاری دەکەن. لەوەدا هەموو هاووڵاتییەک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی دین و مەزهەب و زمان و ڕەگەز، مافی هەڵبژێران و هەڵبژاردنی هەیە.

٤- زمانی کوردیی زمانی ڕەسمیی دەسەڵاتی کوردستانە و لە کاروباری ئیداریی و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بەکاردەهێنرێ.

٥- دانیشتووانی غەیرەکوردی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان مافی خوێندن و بڵاوکردنەوەیان بە زمانی دایکیی خۆیان هەیە. ئەوان لە چوارچێوەی یاسای گشتییدا ئازادن زمان و فەرهەنگ و کلتوری خۆیان بڵاوبکەنەوە و گەشەی پێبدەن و، دەسەڵاتی کوردستانیش بۆ ئەو مەبەستە یارمەتیی پێویستیان دەکا.

٦- ئازادیی نیشتەجێبوون و ژیان و کار و هەڵسووڕان بۆ هەموو کەس و لایەنێك لە چوارچێوەی قانوون دا ڕێکدەخرێ. هیچ کەس لە سەروو قانوونەوە نییە و هەموو هاووڵاتییان لە بەرانبەر قانوون دا یەکسانن و، هەر جۆرە جیاوازییدانان و هەڵاواردنێکی دینیی، مەزهەبیی، نەتەوەیی، چینایەتیی و ڕەگەزیی قەدەغەیە. هەموو ماف و ئازادییەك کە دینی ئیسلام و بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ بە حەقیان دەزانن، لەبەرچاودەگیرێن و ڕێزیان بۆ دادەنرێ و دەپارێزرێن.

٧- ئیسلام کە دینی زۆربەی نزیک بە تەواویی خەڵکی کوردستانە، دەبێ دەوری شایانی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتییدا ببینێ. بۆیە دەسەڵاتی کوردستان ڕێزی بۆ دادەنێ و پەرەی پێدەدا و وەك دینی خەڵکی کوردستان خزمەتی دەکا.

لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی کوردستان حورمەت بۆ هەموو ئایین و بیروباوەڕێك دادەنێ و، لە چوارچێوەی قانووندا مافی دەربڕینی بیروڕا و ئەنجامدانی عیبادەت و مەراسم و بۆنەکان بۆ پەیڕەوانیان، لە سنووری ژینگەی خۆیاندا، بە ڕەوا دەزانێ.

٨- دەسەڵاتی کوردستان سەربەخۆیی سیاسیی و فەرهەنگیی و ئابووریی دەبێ. هاوکات لەسەر ئەساسی ڕیزگرتنی بەرامبەر و دانان بە سەروەریی سیاسیی دەسەڵاتی یەکتر و بە لەبەرچاوگرتنی عورفی سیاسیی و یاسا نیودەوڵەتییەکان پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دنیا پێکدێنێ. بە تایبەتیی لەگەڵ گەل و وڵاتانی دەوروبەر، کە پەیوەندیی مێژوویی و جوغرافیایی و دینیی و لێکنزیکیی فەرهەنگییان لەگەڵ کوردستان و خەڵکەکەی هەیە، پەیوەندیی توندوتۆڵی دیپلۆماتیی و فەرهەنگیی و بازرگانیی دادەمەزرێنێ.

٩- دەسەڵاتی کوردستان لە ڕێباز و هەڵوێستدا بێلایەن و سەربەخۆ دەبێ. بەڵام بەپێی پەیامی سەرەکیی ئیسلام، کە دژی هەموو جۆرە ستەم و چەوساندنەوە و دیکتاتۆرییەکە، پشتیوانیی لە تاك و کۆمەڵە ژێردەستە و مافخوراوەکان دەکا و دژی زۆردار و سەرەڕۆ و چەوسێنەران دەوەستێ.

# پێڕەوی نێوخۆی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان

## فەسڵی یەکەم

### نێو و نیوەرۆک و هێما (ئاڕم)ی ڕێکخراو

**ماددەی یەکەم: نێوی ڕێکخراو**

نێوی ڕێکخراوەکە (ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستان- ئێران)ە، کە بە کورتیی بە ( ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان) دەگوترێ و دەنووسرێ.

**ماددەی دووەم: نێوەرۆکی ڕێکخراو**

١- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان درێژە و بەردەوامیی ڕێکخراوی خەباتی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستانی ئێرانە کە لە ٥ی خەرمانانی ١٣٥٩ی کۆچی – هەتاویی دامەزرێندراوە و، لەسەر ڕێباز و باوەڕ و ئامانجی شەهیدانی ڕابەر و سەرکردەی وەک ماموٚستا سەید خەلیل شەریفییان، ماموٚستا سەید عەبدوڵڵا ئارام، ماموٚستا مەلا خدر عەبباسیی، ماموٚستا سەید جەلال حوسێنیی و..... تێدەکۆشێ و درێژەدەری ئەو خەبات و کاروانە نەپساوەیە.

٢- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان لەسەر بناغەی جیهانبینیی تەوحیدیی ئیسلامیی دامەزراوە و هەر لەسەر ئەو بناغەیەش تێکۆشانی هەمەلایەنەی خۆی دەستپێکردووە و درێژەی پێدەدا.

٣- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان باوەڕی قوڵی بەو ڕاستییە هەیە کە ئیسلام باوەڕ و عەقیدە و شەریعەت و ڕێبازی ژیان بۆ هەموو کات و شوێن و سەردەم و کۆمەڵێکە، جیهانبینییەکە تاک و کۆی کۆمەڵی مرۆڤ لە هەموو لایەنەکانی ماددیی و مەعنەوییەوە پێدەگەیەنێ، بێنیازیان دەکا و بەرەو مەبەستێکی گەورە و دیار ئاراستەیان دەکا.

٤- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان باوەڕی بە مەبدەئی فرەیی سیاسیی و میکانیزمی دێموکڕاسیی لە چوارچێوەی قانوونە پەسەندکراوەکان و عورفە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و تەبا لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردستان هەیە.

**ماددەی سێیەم: هێمای ڕێکخراو**

هێمای ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان پێکهاتووە لە: بازنەیەك کە لە نیوەی سەرەوەیدا نیوەمانگێك بە سێ ڕەنگی سوور و سپی و سەوز جێی گرتووە و لە نێویدا (ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان) نووسراوە. لە هەریەك لە لای ڕاست و چەپی نیوەی خوارەوەی بازنەکە گوڵەگەنمێک هەیە و، لە نێوان لاسکی دوو گوڵەگەنمەکەش (١٣٥٩) ( واتە ساڵی دامەزرانی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان) نووسراوە. لە بەشی خوارەوەی نێو بازنەکە کۆترێکی سپی، کە هەردوو باڵەکانی کردوونەوە، هەیە. لەسەر سینگی کۆترەکە (KHABAT) نووسراوە و لەسەر پشتی باڵەکانیشی کتێبێکی کراوە هەیە و، لە نێوان دوو بەشی کتێبەکەش خۆرێکی زەرد سەری وەسوێناوە و تیشکەکانی بەرەو سەرەوە پەخشان کردوون و ئاماژەیان بە ئایەتی ( و جاهدوا في الله حق جهاده) کردووە.

## فەسڵی دووەم

### ئەندامبوون و ئەرک و مافەکانی ئەندام

**ماددەی یەکەم: ئەندامبوون لە ڕێکخراودا**

**بڕگەی یەکەم**: هەر کوردێک، دانیشتووی کوردستان یا هەر جێیەکی دیکە بێ، بەم مەرجانەی خوارەوە دەتوانێ ببێتە ئەندامی ڕێکخراو:

١- تەمەنی لە ١٦ ساڵ کەمتر نەبێ.

٢- باوەڕی بە بەرنامەی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان هەبێ و ئامادەبێ بە کردەوە جێبەجێیان بکا.

٣- پێڕەوی نێوخۆیی ڕێکخراو پەسەند بکا.

٤- هاوکات ئەندامی ڕێکخراو و حیزبێکی سیاسیی دیکە نەبێ.

٥- کەسێکی خۆشنێو و ڕابردوو پاك بێ و، لەنێو خەڵکدا بەدنێو و بەدکردار نەبێ.

**بڕگەی دووەم:**

دانیشتووانی غەیرەکوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەو مەرجانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دا هاتوون، دەتوانن ببنە ئەندامی ڕێکخراو.

**ماددەی دووەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام**

کەسێک بە ئەندام وەردەگیرێ کە:

١- لانیکەم دوو ئەندامی ڕێکخراو بیناسێنن.

٢- ماوەیەکی تاقیکردنەوە، کە لە نیو ساڵ کەمتر نەبێ، بە سەرکەوتنەوە تێپەڕێنێ.

٣- بە فەرمیی داوای ئەندامەتیی لە ڕێکخراودا بکا.

**ماددەی سێیەم: ئەرکەکانی ئەندام**

لە ئەرکەکانی ئەندام:

١- بە کردەوە لە خزمەتی باوەڕ و ئامانجەکانی ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان دا بێ و، بە هەموو توانایەوە لەو پێناوەدا تێبکۆشێ.

٢- بەرنامە و بۆچوون و هەڵویست و سیاسەتەکانی ڕێکخراو بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و، بە کردەوە جێبەجێیان بکا. ئاڵوگۆڕی بیروڕا و زانیاریی لەگەڵ خەڵک و هاوبیرانی بکا و ئاستی تێگەیشتنی خۆی بەرێتەسەر و، لە هەڵسوکەوت و ئەخلاقدا ببێتە نموونەی کەسێکی کۆمەڵایەتیی سەرکەوتوو.

٣- بەپێی پێڕەوی نێوخۆ بجووڵێتەوە و گوێڕایەڵی یاساکانی کاری ڕێکخراوەیی بێ.

٤- بڕیار و ئەرکە ڕێکخراوەییەکانی بە دڵسۆزیی جێبەجێ بکا.

٥- لە هەموو هەلومەرجێکدا ڕازدار بێ و، نهێنییە ڕێکخراوەییەکان بپارێزێ.

**ماددەی چوارەم: مافەکانی ئەندام**

١- بە لەبەرچاوگرتنی مەرج و یاسا پەیوەندییدارەکان، دەتوانێ لە هەموو هەڵبژاردنێکی ڕێکخراوەییدا بەشداربێ و، مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی هەیە.

٢- لە کۆبوونەوەکاندا مافی دەربڕینی ڕوانگە و ڕەخنە و پێشنیاری لەسەر کار و چالاکیی کەس و بەشەکانی ڕێکخراو هەیە. ئەمە بە ڕادەیەك گرنگە کە دەکرێ وەك ئەرکێک چاوی لێبکرێ.

٣- سیاسەت و هەڵوێست و بڕیارەکانی ڕێکخراوەکە و کاری بەرپرس و بەشەکانی هەڵسەنگێنێ و بە پرسیار و پێشنیار و ڕێنوێنیی و ڕەخنە لە پوختەترکردن و بەهێزترکردنیاندا بەشداریی بکا.

٤- سکاڵا و گلەیی لە کار و هەڵسوکەوتی هەموو کەس و بەشەکان لەلای ئۆرگانی پەیوەندییدار بکا.

**ماددەی پێنجەم: سزای ئەندام**

**بڕگەی یەکەم**: ئەو ئەندامەی ئەرکە ڕێکخراوەییەکانی جێبەجێ نەکا، یا پێڕەوی نێوخۆ پێشێل بکا، یا دژی باوەڕ و سیاسەتەکانی ڕێکخراو بجووڵێتەوە، یا زیان بە باوەڕ و ئیعتیباری ڕێکخراو و ژیان و گیان و ماڵی ئەندامەکانی یان موڵکی ڕێکخراوەکە بگەیەنێ، لە هەر پێگە و پلەیەکی بەرپرسیارێتیی دا بێ، سزا دەدرێ.
سزاکانیش بەم شێوەیەن:
١- سەرکۆنەکردن بە دەم.
٢- سەرکۆنەکردن بە نووسراوە.
٣- دابەزاندن لە پلە و پێگەی بەرپرسیارێتی یان لێستاندنەوەی.
٤- هەڵپەساردن، کە لە شەش مانگ زیاتر نییە.
٥- دەرکردنی لە ڕێکخراو و ستاندنەوەی هەموو مافێکی ئەندامەتیی.
**بڕگەی دووەم**: چەند تێبینییەك
١- ئەندام کاتێك سزادەدرێ کە ئاگادارکردنەوە و ئامۆژگاریی و ڕێنوێنیی لە ڕاستکردنەوەی کەسەکە و چاککردنی هەڵەکەیدا کاریگەر نەبێ، چونکە مەبەست لە سزادان پەروەردەکردنی ئەندام و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە، نەك سزادان و ئازاردان.
٢- سزادانی ئەندام لە یەکێك لە بەشەکانی ڕێکخراو دا بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئەو بەشە یا بەشەکانی سەرەوەتر بڕیاری لەسەر دەدرێ.
٣- مەرج نییە سزادانی ئەندام بەپێی زنجیرەی سزاکانی بڕگەی یەکەم بێ، بەڵکو بە گوێرەی ڕادە و جۆری کارەکە، سزای گونجاو دیاریی دەکرێ.
٤- ئەندام دەتوانێ داوای پێداچوونەوەی بڕیاری سزادرانی بۆ بەش و بەرپرسانی سەرەوەتر بنێرێ و لەوێ سکاڵا بکا.
٥- ئەندامی هەڵپەسێردراو لە ماوەی هەڵپەسێرانیدا لە مافەکانی ئەندامەتیی بێبەشە، بەڵام پاش تەواوبوونی ماوەکە و گەڕانەوەی بۆ نێو ڕێکخراو مافەکانی وەردەگرێتەوە و پێشینەی خەباتی بۆ لەبەرچاودەگیرێ.
٦- ئەو ئەندامەی دەستدرێژیی دەکاتە سەر ژیان و ماڵ و موڵك و کەلوپەلی ڕێکخراو، یا هاوبیرانی یا کەسانی دیکە، پێش دەرکرانی لە ڕێکخراو، دەبێ ئەو ماف و موڵکانە بگێڕێتەوە.
٧- هەر بەرپرسێك (لە هەر پلەیەک دا بێ) بەبێ داوای دەستلەکارکێشانەوە خۆ لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بدزێتەوە پاش تێپەڕبوونی ساڵێک ڕاستەوخۆ پلەکەی لەدەستدەدا.

## فەسڵی سێیەم

## پێکهاتەی ڕێکخراو و بەشەکانی بەڕێوەبەریی

### ماددەی یەکەم:

١- بەرپرسانی بەش و ئۆرگانەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەڵدەبژێردرێن.
٢- لە کاتی بڕیارداندا، کەمینە پەیڕەوی لە بڕیاری زۆرینە دەکا.
٣- سەرەڕۆیی و تاکڕەویی لە کار و بڕیاردا قەدەغەیە. هەموو باسوخواسێک بە ڕاوێژ دەکرێ و بڕیارەکان بە شێوەی کۆمەڵ دەدرێن.
٤- ئەندامان لە بەرانبەر پێڕەو و یاسا نێوخۆییەکاندا یەکسانن و بڕیارەکان بەبێ جیاوازیی بەسەر هەمواندا جێبەجێ دەکرێن.
٥- بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لەلایەن ئۆرگانەکانی خوارەوە جێبەجێ دەکرێن و پەیڕەودەکرێن.

### ماددەی دووەم: کۆنگرەی ڕێکخراو

**بڕگەی یەکەم**: پێناسە و دەسەڵاتی کۆنگرە
١- کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتی ڕێکخراوە.
٢- لە هەلومەرجی ئاسایی و گونجاودا، هەر سێ ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەسترێ.

٣- کۆنگره لـه ئـەندامانـی ئـەسڵیی و جێگری کومیتـەی ناوەندیی و نوێنـەرانـی بـەشـەکانـی دیکـەی ڕێکخراو پێکدێ.
٤- کومیتـەی ناوەندیی ڕێژەی نوێنـەرانـی بـەشـەکانـی دیکـە بۆ کۆنگره دیاریی دەکا، ئـەوانیش دواتر لـه کۆنفڕانس و کۆبوونـەوەکانـی پێش کۆنگرەدا بـە هـەڵبژاردن دیارییدەکرێن و بۆ کۆنگره دەنێردرێن.

**بڕگەی دووەم**: دەسـەڵات و ئـەرکـەکانـی کۆنگره

١- لێکۆڵینـەوە و شیکردنـەوەی ڕاپۆرتـی سیاسیی کومیتـەی ناوەندیی بۆ کۆنگره و بڕیاردان لـەسـەری.
٢- بـە بـەرنامـەی سیاسیی و پێڕەوی نێوخۆ و هێمای پێشووی ڕێکخراو دا دەچێتـەوە و، ئـەگـەر بـە پێویستی زانـی دەستکارییان دەکا و بـەرنامـە و پێڕەوی نوێ تا کۆنگرەی داهاتوو پـەسـەند دەکا.
٣- باوەڕ و سیاسـەت و ڕێبازی گشتیی و ئاراستـەی تێکۆشانـی ڕێکخراوەکـە دیاریی دەکا.
٤- کۆنگره دەتوانێ نێوی ڕێکخراوەکـە بگۆڕێ.
٥- ئـەندامانـی کومیتـەی ناوەندیی و جێگرەکان، بـەپێی ڕێژەیـەک کـە کۆنگرەکـە دیاریی دەکا، هـەڵدەبژێرێ.

### ماددەی سێیەم: کۆنفڕانسی ڕێکخراو

١- کومیتـەی ناوەندیی بڕیاری گرتنـی کۆنفڕانس دەدا.
٢- کۆنفڕانس لـه کاتێکدا دەبـەسترێ کـە:
أ- هـەلومـەرج و بوار بۆ گرتنـی کۆنگره نـەبێ.
ب- مـەسـەلـە و گیروگرفتی گرنگی وا هـەبن کـە کومیتـەی ناوەندیی نـەتوانێ بڕیاریان لـەسـەر بدا و چارەسـەریان بکا.
٣- کۆنفڕانس لـه ئـەندامانـی ئـەسڵیی و جێگران و ڕاوێژکارانـی کومیتـەی ناوەندیی و نوێنـەرانـی بـەش و ئۆرگانـەکانـی دیکـە پێکدێ.
٤- کومیتـەی ناوەندیی ڕێژەی نوێنـەرانـی بـەشـەکان بۆ بـەشدارییکردن لـه کۆنفڕانسدا دیاریی دەکا.
٥- بـە هاتنـەدی ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە کۆنفڕانس دەسـەڵاتی کۆنگرەی ئاسایی دەبێ.

### ماددەی چوارەم: کومیتەی ناوەندیی

**بڕگەی یەکەم**:

١- ئـەندامانـی ئـەسڵیی و جێگری کومیتـەی ناوەندیی لـەلایـەن کۆنگرەوە هـەڵدەبژێردرێن.
٢- کومیتـەی ناوەندیی لـه نێوان دوو کۆنگرەدا بـەرزترین دەسـەڵات (ئۆرگان)ی ڕێکخراوە.
٣- کومیتـەی ناوەندیی دەتوانێ، بـەپێی ڕێژەیـەک کـە لـه نیوەی ژمارەی ئـەندامانـی ئـەسڵیی خۆی زیاتر نـەبێ، ڕاوێژکار بۆ خۆی دیاریی بکا.
٤- ڕاوێژکاری کومیتـەی ناوەندیی مافی دەنگدان لـه کۆبوونـەوەکانـی کومیتـەی ناوەندییدا نییـە.

**بڕگەی دووەم**: دەسـەڵات و ئـەرکـەکانـی کومیتـەی ناوەندیی

١- دەفتـەری سیاسیی و بـەرپرسی یـەکـەمی ڕێکخراو دیاری دەکا.
٢- چاودێریی سیاسـەتی گشتیی ڕێکخراو دەکا و، کار و ئـەرکی بـەش و ئۆرگانـەکان و بڕیار و ڕاسپاردەکانـی نێوان دوو کۆنگره جێبـەجێ دەکا.
٣- چوارچێوەی کاری نێوخۆیی کومیتـەی ناوەندیی و دەفتـەری سیاسیی و بـەشـەکانـی دیکـەی پـەیوەندییدار بـە کومیتـەی ناوەندیی دەستنیشان دەکا.
٤- لانیکـەم سێ مانگ جارێک کۆبوونـەوەی گشتیی لـه ئـەندامانـی ئـەسڵیی و جێگر و ڕاوێژکارەکانـی پێکدێنێ.
٥- لـه کار و چالاکییـەکانـی دەفتـەری سیاسیی دەکۆڵێتـەوە و هـەڵیاندەسـەنگێنێ.
٦- بـەرپرسی پـەیوەندییـە دەرەکییـەکانـی ڕێکخراوە، لـەگـەڵ کـەسایـەتیی و دەسـەڵات و حیزب و ڕێکخراوەکانـی دیکـە.
٧- بـەرپرسی گشتیی داهاتی ڕێکخراوەکـەیـە و، ڕێگـە و پلانـی شیاو بۆ ئـەو بوارە دادەنێ و، ئـەندامـەتیی ئـەندامانیش دیاریی دەکا.
٨- کۆبوونـەوەی کومیتـەی ناوەندیی بـە بـەشداریی لانیکـەم دوو لـەسـەر سێی ئـەندامانـی ئـەسڵیی و جێگران مـەشروع دەبێ.
٩- ئامادەکاریی بۆ کۆنگره یان کۆنفڕانس دەکا.

١٠- هەر کات دەفتەری سیاسیی یا زۆربەی ئەندامانی ئەسڵیی و جێگری کومیتەی ناوەندیی داوایان کرد، کۆبوونەوە پێکدێنێ.

**بڕگەی سێیەم**: چەند تێبینییەک

١- مەرجی بوون بە ئەندامی ئەسڵیی یا جێگری کومیتەی ناوەندیی، جگە لە مەرجەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی یەکەمی فەسڵی دووەمی پێڕەوی نێوخۆ، ئەمانەن:

أ- تەمەنی لە بیست ساڵ کەمتر نەبێ.

ب- لانیکەم ساڵێک وەک ئەندام لە ڕیزەکانی ڕێکخراودا چالاکانە تێکۆشانی هەبووبێ.

ت- لانیکەم بەشی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردیی خوێندەواریی هەبێ.

٢- کومیتەی ناوەندیی مافی ئەوەی هەیە لانی زۆر هێندەی سێیەکی ئەندامانی ئەسڵیی خۆی لە ئەندامانی ڕێکخراو، بە مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانەوە، بنێرێتە کۆنگرە. ئەویش بەم مەرجانەی خوارێ:

أ- ئەو کەسە بەپێی مەرجەکانی بڕگەی یەکەمی ماددەی یەکەمی فەسڵی دووەمی پێڕەوی نێوخۆ بووبێتە ئەندامی ڕێکخراو.

ب- بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسانە بە ئەندامی ئەسڵیی یا جێگری کومیتەی ناوەندیی، دەبێ مەرجەکانی خاڵی یەکەمی ئەم بڕگەیەی پێڕەوی نێوخۆ لەبەرچاوبگیرێن.

### ماددەی پێنجەم: دەفتەری سیاسیی

١- دەفتەری سیاسیی لە نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییدا بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندیی جێبەجێ دەکا و، دواتر ڕاپۆرتی کارەکانی دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندیی.

٢- بەپێی پێویست، بە بەشداریی زۆرینەی ئەندامانی کۆبوونەوە پێکدێنێ.

٣- پرسەکانی ڕۆژ و بابەتە نوێیەکان تاوتوێ دەکا و بۆچوونی خۆی لەبارەیانەوە دەداتە کومیتەی ناوەندیی.

٤- لە کۆبوونەوەکاندا کار و چالاکییەکانی بەشەکانی ڕێکخراو هەڵدەسەنگێنێ و بڕیاری پێویستیان لەسەردەدا.

### ماددەی شەشەم: بەرپرسی یەکەم

١- لەلایەن کومیتەی ناوەندییەوە، لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی، هەڵدەبژێردرێ.

٢- ڕۆڵی وتەبێژی ڕەسمیی ڕێکخراو دەبینێ، یا دەتوانێ وتەبێژێك بۆ ڕێکخراو دیاریی بکا.

٣- هاوئاهەنگیی لە نێوان بەشەکانی بەڕێوەبەری کاروباری ڕێکخراو دا دەکا.

### ماددەی حەوتەم: ڕێکخستن و بەشەکان

١- شانە بچووکترین یەکەی ڕێکخستنە کە لانیکەم لە سێ کەس پێکدێ.

٢- کومیتەی ناوەندیی، بەپێی هەلومەرجی خەبات، پێکهاتە و شێوەی بەش و ئۆرگانەکان دیاریی دەکا و ڕێکیان دەخا.

٣- ئەرکی ئەندامانی شانەکان ئەوەیە بەپێی باوەڕی ڕێکخراوەکە و ڕەچاوکردنی ڕینوێنییەکانی ڕێکخستن بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندیی جێبەجێ بکا. ئەندامی شانە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک پەیوەندیی دەگرێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕاو و زانیارییان لەگەڵ دەکا و بۆ سەر ڕێبازی ڕێکخراوەکە بانگیان دەکا و، بە کردەوە و هەڵسوکەوت نموونەیەکی باش لە موسڵمانەتیی و خەباتگێڕیی نیشاندەدا.

٤- هەر بەش و ئۆرگانێک، بەپێی بەرنامەیەکی پێشتر دیارییکراو، کۆبوونەوەی دەورەیی خۆی پێکدێنێ.

### ماددەی هەشتەم: داهاتی ڕێکخراو

١- ئەندامەتی ئەندامان کە چۆنێتیی و چەندێتییەکەی لەلایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێ.

٢- هاوکاریی و پشتیوانیی ماددیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستان.

٣- داهات و دەستکەوتی پڕۆژەی سەرمایەدانان و وەبەرهێنان.